# سەرپەرشتیاری پیاوان بەسەر ئافرەتانەوە بۆ ڕێکخستنی ژیانە نەک بۆ ستەمکردن لێیان

[ کردي – کوردی – kurdish ]

## شێخ محمد جمیل زینو

وەرگێڕانی: ئومێد عمر چرۆستانی

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز


2014 - 1435

IslamHouse.com

# قوامة الرجل للتنظيم لا للاستبداد

« باللغة الكردية »

محمد بن جميل زينو

المصدر: كتاب تكريم المرأة في الإسلام

ترجمة: أوميد عمر علي

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2014 - 1435

IslamHouse.com

# سەرپەرشتیاری پیاوان بەسەر ئافرەتانەوە بۆ ڕێکخستنی ژیانە نەک بۆ ستەمکردن لێیان

سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفى وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

پێغەمبەری خوا (صلی اللە علیە وسلم) : فەرموویەتی : «كل نفس من بني آدم سيد، فالرجل سيد أهله، والمرأة سيدة بيتها» [ صححه الألباني في صحيح الجامع ] واتا : هەموو كەسێك لە نەوەكانی ئادەم گەورە و سەردارن، پیاویش گەورە و سەرداری خێزانەكەیەتی، ئافرەتیش گەورەی ماڵەكەیەتی .

١- سەرپەرشتیاری پیاوان بە سەر ئافرە تانەوە بنەمایەكی ڕێكخەرە كە ئەندازەگیری كۆمەڵگە وای دەخوازێت، سەقامگیری باری ژیانیش لە دونیادا پە یوەستە پێوە، ڕێكوپێك وە ك سەرپەرشتیاری سەركردە و سەرۆكی وولاتە بەسەر گەلەكەیەوە،

کە پێویستیەکی کۆمەڵگەی ئیسلامی و مرۆڤایەتیە، چۆن نابێت تاکی موسڵمان لە گوێڕایەڵی وطاعەتی سەکردە و خەلیفەی موسڵمانان دەرچێت هەرچەند کارەکانی خەلیفە بەدڵی ئەویش نەبێت و لەڕوی زانست و زانیاری ودینداریشەوە لەو باشتر بێت، لەکاتێکدا سروشتی پیاوان لەهەموو ڕوویەکەوە وادەخوازێت کە سەرپەرشتیار و بالادەست بێت بەسەر ئافرەتەوە، پیاو بەهێزترە لە ئافرەت و بەغیرەترە لەبەرامبەر کۆسپ و تەگەرەکانی ژیان وسەرکەوتن بە سەریاندا، وە زیاتر لە ئافرەت تە حەمولی بەرپرسیاریەتی دەلئات، پرۆژە گەورەکانی ژیان پیاوان بەڕێوەیان دەبەن، جە نگەکان پیاوان سە رکردایەتی دە کەن، وولاتە زلهێزەکانی دونیا پیاوانی زۆر بەهێز وکاریگەر پلانی ووردیان بۆ دادەڕێژن ولە پشت هە موو کاریە کیەوەن، کارە گرنگەکانیش زۆربەی جارەکان هەر پیاوان تیایدا سەرکەوتوو دەبن، لەکاتێکدا ئافرەتان کەمتر سەرکەوتوو بوون، ئەگەر سەرکەوتویش بوبن، بێگومان پیاوێکیان لە پشتەوە بووە کە ڕێنومابیان کردوون، ئەمەش مانایی ئەوە نییە کە ئافرەتان بۆ هیچ کارێك ناشێن،

نەخێر !بەڵکو ئافرەتان پێویستە سەرپەرشتیار و لێپرسراوی ئەو کارانە بن کە لە تایبەت مەندیەکانی خۆیانە .

٢-ئەو چوار چێوە یەی کە سەرپەرشتیاریی پیاوان دە یگرێتەوە، مانای ئەوە نییە کەسێتی و کەرامەت و ڕێزی ئافرەتان بڕوشێنێت و بیخاتە ژێر پرسیار، چونکە خوای گەورە نەیفەرمووە : ( الرجال سادة على النساء ) پیاوان سەید و گەورەن و ئافرەتانیش کۆیلە و بەندە، بەڵکو زۆر لەو دەستەواژەیە ووردتری فەرمووە کاتێك کە دەفەرموێت : ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ﴾ بەو مانایەی کە پیاوان سەرپەرشتیارن بە سەر ژیان و گوزە رانیانەوە، بە رپرسن لە پەیداکردن خەرجی ڕۆژانەیان لە هەموو ڕوویەکەوە، بەرگریکارن لێیان لە هەموو کارێکی نەخوازراوو، پیاوان چاکساز و دادگەرن لەگەڵیاندا، نەك ئەوەی زوڵم وستەمکار بن بەرامبەریان، ئەمەش خۆی لە خۆیادا ڕێز و پلە وپایەیە بۆیان، بە مانایەکی تر ئافرەتان وە ك شا ژن وان لە ماڵەوە هەڵدەسن بە ئەرك و لێپرسراویەتی خۆیان کەپەروەردەکردنی منداڵ و نەوەی دوارۆژی کۆمەڵگەیە، بە بێ ئەوەی شەریعەتی ئیسلام لە سەری واجب

کردبن لە پێناو بژێوی ژیان و ن ارەحەتیەکانیدا دڵۆپێك عارەقەیش برێژن، بە پێچەوانەی کۆمە ڵگەکانی ڕۆژئاوا کە ئافرەتانیش شان بەشانی پیاوان کاری ڕۆژانە دەکەن وبگرە لە زۆر جێگادا کارە قورسەکان ئافرە تان پێی هە ڵدەسن، بۆیە دەبیستین و دە بینین کە لە ئافرەتان ڕووبەڕووی دەست درێژی دەبنەوە لە لایەن پیاوانی بێگانەوە، ئەمەش بۆتە مایەی لاسەنگ بوونی کۆمە ڵگە بەتایبەتی لە لایەنە کۆمەڵایەتیەکەیەوە، ئافرەتان تا گەنج و لاون وەك کاڵایەکی ڕابواردن تەماشا دەکرێن، و کاتێکیش پیر بوون، فڕییان دە دەنە لانە و خە ڵوەتگەکانی پیرانەوە، پێچە وانەی کۆمە ڵگەی ئیسلامی کە ئافرەت ڕێز و حورمەتی خۆی هەیە لە کاتی لاویەتی و گەنجیەتی و پیریشیدا، ئەمەش هەمووی دەگەڕێتەوە بۆ ئەو نیعمەتە گەورەیەی کەخوای گەورە بەخشیویەتی بە موسڵمانان، ئەویش نیعمەتی ئیسلامە .

بەڵێ کاتێك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿الرِّجَالُ قَوَّامُونَ عَلَى النِّسَاءِ بِمَا فَضَّلَ اللَّهُ بَعْضَهُمْ عَلَى بَعْضٍ وَبِمَا أَنْفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ فَالصَّالِحَاتُ قَانِتَاتٌ حَافِظَاتٌ لِلْغَيْبِ بِمَا حَفِظَ اللَّهُ وَاللَّاتِي تَخَافُونَ نُشُوزَهُنَّ فَعِظُوهُنَّ وَاهْجُرُوهُنَّ

فِي الْمَضَاجِعِ وَاضْرِبُوهُنَّ فَإِنْ أَطَعْنَكُمْ فَلَا تَبْغُوا عَلَيْهِنَّ سَبِيلًا إِنَّ اللَّهَ كَانَ عَلِيًّا كَبِيرًا﴾ [ النساء: ٣٤ ] واتا : پیاوان سەرپەرشتیاری هاوسەرەکانیان، ئەوەیش لەبەرئەوەی کە خودا ئەرکێکی زیادو توانایەکی زیاتری پێ بە خشیون، وەکو تواناو هێزی لاشە یی و توانای بە رەنگاربوونەوەو خۆڕاگرتن لە بەردەم جۆرە ها کاری قورس و دژواردا، هەروەها لەبەرئەوەی کە پیاو مارەیی دەدات و خەرجی ماڵ و منداڵی دەکەوێتە سەر شان، لە حاڵێکدا ئافرەت لەم بارەوە باری سووکە، ئەو ئافرەتانەیش کە ڕوو لە خوداو دیندارن هە ر لە سنووری ئە م سە رپەرشتیارەدا دە مێننەوەو، گوێڕایەڵی دە بن و بە پێی فە رمانی مێردە کانیان هە ڵسوکەوت دەکەن _ بە مەرجێك فەرمانەکە نارەزایی خودای تیا نە بێت_ هەروەها ئە و نهێنیانە دەپارێزن کە لە نێوان خۆیان و مێردەکانیاندا هە یەو ئاشکرای ناکە ن و، لە دڵی خۆیاندا هەڵیدەگرن، چونکە خودا فە رمانی داوە بەپاراستنی ئە و نهێنیانە. بێگومان دەبێت مێرد زۆر بە ڕێزو حورمەتەوە سەیری ئەم جۆرە ئافرەتانە بکات، خۆ ئە گەر مێردێك هە ستی کرد

ژنەکەی لە سنووری خۆی دەردەچێت و نافەرمانیی دەکات، ئەوە یەکەمجار دەبێت ئامۆژگاری بکات و بە شێوازێکی جوان ڕێگای ڕاستی پیشان بدات، ئەگەر ئەم ئامۆژگاریکردنە سوودی نەبوو، ئینجا با لە جێگەی هاوسەرێتیدا پشتی تێبکات و نە یدوێنێت و ئارەزووەکانی بۆ نەهێنێتە دی، ئەگەر ئەمەیش بێ سوود بوو، با لێی بدات (بەمەرجێک لێدانەکە لە دەم و چاو نەبێت و ئاسەوار بەجێنەهێڵێت)، ئەگەر بەم هۆیانەوە لە لادان و یاخی بوون وازیان هێنا، ئە وە ئیتر ستە میان لێمە کەن و ڕێگە ی تر مەگرنەبەر (بۆ ئازاردانیان) بێگومان خوا بەرزو بڵندو گەورەیە، (ئەگەر ستەمیان لێبکەن تۆڵەتان لێدەسێنێت).

إبن کثیر ( ڕەحمەتی خوای لی بێت ) لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا فەرموویەتی : پیاوان بە رپرسی ژنان و گە ورە ودەسەڵاتداری ئەوانن، ڕاستی دە کاتەوە ئەگەر خوار و خێچ بوو، چونکە بە گشتی پیاوان باشتر وچاکترن لە ئافرەتان، ( نەك تاك تاکی هەموو پیاوان باشتر بن لە ژنان، بەڵکو زۆرێك لە ئافرەتان زۆر باشترن لە گەڵ پیاوان ) هەر لەبەر ئەمەیشە خوای گەورە

سەرجەم پێغەمبەرانی لەناو پیاواندا ڕەوانە کردووە، و موڵك سامان ومەملەکەتەکانی دونیاش هەر پیاوان بەڕێوەیان بردوون، پێغەمبەری خوداش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : « لن يُفلح قوم ولّوا أمرهم امرأة » [ رواه البخاري ] واتا : هیچ گەل و قەومێك سەرفراز و سەرکەوتوو نابن ئەگەر ئافرەتێك سەرکردە و لێپرسراویان بێت، هەروەها پلە وپۆستی قەزا و دادگاکانیش هەر دەبێت پیاوان بەڕێوەی ببن نەك ئافرەتان .

کاتێکیش خوای گەورە دەفەرموێت : ﴿ وَبِمَا أَنْفَقُوا مِنْ أَمْوَالِهِمْ ﴾ هەروەها لەبەرئەوەی کە پیاو خوای گەورە و پێغەمبەرەکەی مارەیی و خەرجی ماڵ و منداڵی وهەموو خەرجیەکانی تری ژیانیان واجب کردووە لەسەر پیاوان، لە حاڵێکدا ئافرەت لەم بارەوە باری سووکە، کاتێکیش دەڵێن پیاوان بەشێوەیەکی گشتی لە ئافرەتان باشترن، ئەو لێپرسراویەتی و سەرپەرشتیاریەشیان ئەکەوێتە ئەستۆ کە هەر هەمووی نارەحەتی و کێشە و چەڵە و سەر ئێشەیە، کە ئافرەتان توانایی بەرگەگرتنی ئەوەیان نییە، هەر بۆیە خوای گەورە لە جێگایەکی تردا فەرموویەتی :

﴿ وَلِلرِّجَالِ عَلَيْهِنَّ دَرَجَةٌ ﴾ [ البقرة: ٢٢٨ ] واتا : هەردولا _ ژن و مێرد _ حەقی چاکەیان بەسەر یەکتریەوە هەیە، بەڵام حەقی پیاو پلەیەك لە هی ئافرەت زیاترە، چونکە ئیدارەو خەرجی ماڵ لە ئەستۆی پیاودایەو، ئافرەت لەوەدا سەری سووکترە .

هەر بۆیە ئافرەتان واجبە لەسەریان گوێرایەڵی پیاوەکانیان بن لەو کار و فەرمانانەی کە سەرپێچی و نافەرمانی خوای گەورەی تێدا نییە، ئەویش بەو شێوە یە کە بە جوانترین شێوە مامەڵە بکات لە گەڵ دایك وباوك و ماڵو منداڵە کەیدا، پارێزگاری منداڵەکانی و خو ڕەوشتیان بێت لەکاتی نەبوونی ئەودا، ئافرەتە صاڵح و خواناسەکان ئەوانە کە گوێرایەڵی پیاوەکانیانن، شەرەف و ناموسی پیاوە کەی دە پارێزێت کاتێك ئە و لە ماڵ نییە و خیانەتی لێ ناکات ئەگەر چاودێری ئەویشی بەسەرەوە نەبێت، چونکە ئافرەتی خواناس خوای گە ورە ومیهرەبان بە چاودێری خۆی دەزانێت .

خوای گەورە لە نیعمەتەکانی خۆت بێ بەشمان نەکەیت، و لەسەر شا ڕێگاکەی محمد المصطفی ش ( صلی اللە علیە وسلم )

بەردەوام و جێگیرمان بلەه .

سەرچاوە: کتێبی ( تکریم المرأة فی الاسلام )، لاپەڕە: ١٦.

بڵاوکردنەوەی: سایتی الکتیبات الاسلامیة www.ktibat.com

چاپکردنی: دار القاسم – شاری ریاز – وڵاتی سعودیە.